# له پێناو گەل و نیشتماندا خۆتان بەخت کردو له ناو دڵدا دەژین

**ئەحمەد رەجەب**

حزبی شیوعی عێراق له رۆژی دامەزراندنییەوە له 31 ی ئلزاری 1934 دا تا ئێستا چەندان ئەندام و سەرکردەی لێهاتوو خاوەن ئەزمون له پێناو گەل و نشتماندا بەخت کردووە، یان له ژێر ئازارو ئەشکه نجەدا ژیانیان له دەستداوەو، سەربەرزانه له سێدارە دراون، یان به ئەنقەست لەلایەن دوژمنانەوە شەهید کراون و، گەلەکەمان قەت شەهیدانی رێگای ئازادی و سەروەری له بیر ناکات و، هەمیشه یادی شەهیدان یوسف سەلمان (فەهد) دامەزرێنی حزبی شیوعی عێراق و حوسەین ئەحمەد ئەلرەزی ( سەلام عادل ) سکرتێری یەکەمی حزب و، جەمال حەیدەری و، جۆرج تەلوو، حمزه سلمان ومریم رەووف کازمی و، عبدالاحد المالح وعلی حسین بەرزنجی وعایدە یاسین و، رەسمیه جبرو، رەووف حاجی محەمەد ( جەوهەر ) و، عەتا جەمیل و، بەکر تەلانی و، بابا علی و، رەسوله سوور وسەعدون وهەزارانی تر.

**شەهید بایز سەید باقی یەکێکه له شەهیدانی نەمر و هەمیشه زیندوو که له دڵماندا دەژیت.**



شەهید بایز سەید باقی له ساڵی 1956 له خێزانێکی نشتمانپەروەرو شیوعی ناسراو له شاری پر له قارەمانێتی و سەربەرزی، شاری هەڵەبجەی خۆراگرو دوژمن بەزێن، سومبلی بەرەنگاری ومقاوەمەت دژ به دیکتاتورییەتی روخاو هاتووەته دنیاوە.

به هۆی رەفتارو کردەوەی نا پاکی رژێمی خوێنرێژی فاشی و دەسەڵاتی ترسنوکی بەعسییان که هەردەم رۆڵەکانی گەلیان به تایبەت رۆڵەکانی چینه چەوساوەو هەژارەکانی دەچەوسانەوە و، دژی خواسته نەتەوەییەکان دەوەستاو، بۆ ئەوەی شار بێ تێکۆشەرو شۆرشگێر بمێنێتەوە و، هیچ مۆرکێکی نشتمانی وشیوعی تیا نەمێنێت به پێی بیروبۆچوونی گڵاویان وعەقلییەتی بۆگەنیان، لاوی به توانا ولێهاتوو بایز سەید باقی ناچار ئەکرێت له پۆلی دووەمی ناوەندی دەست له خوێندن هەڵبگرێت.

له ساڵی 1973 شەهید بایز به هۆی راونانی دایك و باوکی و، هەوڵدان بۆ گرتنیان شاری هەڵەبجه بەجێ دەهێڵێ و دەچێته شارۆچکەی سەید سادق بۆ ئەوەی خۆی وخێزانەکەی ژیانێکی کولەمەرگی و ناخۆش به سەر ببەن.

له ساڵی 1974 دەچێته قەزای دەربەندیخان و، لەوێ پەیوەندی به پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی عێراق دەکات و، هەر لەوێ بەشداری له خولێکی برینپێچی دەکات و، پاشان بۆ ئەنجامدانی ئەرکێکی حزبی رەوانەی ناحییەی مەیدانی قەزای خانەقین دەکرێت.

ساڵی 1975 هاورێ بایز بۆ شارە نەبەزەکەی ، شاری هەڵەبجه دەگەرێتەوەو، هەر لەوێ بۆ بژێوی خۆی و خێزانەکەی دەست به کارکردن دەکات و، رۆژنامەکانی حزب له شاردا دەفرۆشێت وبڵاویان دەکاتەوە.

شەهید بایز مرۆڤێکی رووخۆش و خۆشەویست وگۆی رایەڵ بوو، گۆی لە کەسانی تر دەگرت و، بیری تازەو سوودبەخشی لە بیروڕای هاوڕێیانی ئاوێتەی یەکتر دەکرد، بۆیە لە سەر داوای حزب لە سلیمانی شارەکەی، شاری هەڵە بجە بەجێ دەهێڵێ و دەچێتە بارەگای حزب لە سلیمانی و ئەرکی تایبەتی وەردەگرێت.

بایزی سەید باقی دڵسۆزو چالاك و دەست پاك و نەترس بوو، نهێنییەکانی حزبی بە رێکوپێکی و بە باشی دە پاراست و، بۆیە نێردرا بۆ بارەگای کۆمیتەی ناوەندی حزب لە شاری بەغداو، لەوێ ئەرکی پاراستنی ژیانی هاوڕێیان و بارەگای پێسپێرا

کاتێ حزبی شیوعی عێراق کەوتە بەر شاڵاوی راونان و گرتن و، بە پێی بریاری حزب هاوڕێ بایز ناچار کرا بگەرێتەوە بۆ شاری سلیمانی بە مەبەستی را پەراندنی کاروباری نهێنی حزب.

لە ساڵی 1979 روو دەکاتە شاخ و پەیوەندی بە پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی عێراق لە بنکەی بەلەبزان نزیك بە هەورامان دەکات و، لە ساڵی 1980 بە ئەرکێکی حزبی نێردرا بۆ ناوچەی شکاك لە کوردستانی رۆژهەڵات.

بایز سەید باقی لە ساڵی 1983 بۆ بە کادێری حزب و، یەکێك بوو لە کادێرە چالاکەکانی کۆمیتەی ناوخۆی پارێزگای سلیمانی. ئەم لاوە شیوعییە چاونەترسە زۆر بە باشی و چاپوکی شان بە شانی هاوڕێیانی بە تایبەت لە گەل هاوڕێ مامۆستا سەلاح حەسەن ( خالد ) ئەندامی بیرۆی حزبی لە کۆمیتەی پارێزگای سلیمانی ئەرکە حزبییەکانی ئە نجام دەداو، شایانی وەبیر هێنانەوەیە مامۆستا خالید لە کاتی دەست پێکردنی پرۆسەی چە پەڵی ئەنفال لە قەرەداغ و، لە باروودۆخێکی ئاڵۆزو تەمومژدا لە کاتی چوونی لە بارەگای مەڵبەندی سلیمانی وکەرکوکی حزب لە دێی ئەستێڵی سەرو بەرەو سلیمانی لە پێناو برێوەبردن و سەرکردایەتی رێکخراوەکانی حزب لە پارێزگای سلیمانی شەهید دەکرێت. هاوڕێ بایز لەزۆر ناوچە وەك کادێرێکی لێهاتوو کاری کردووە بۆ نموونە : چەمەك و سپیار، شارباژێر، دۆڵی جافایەتی،قەرەداغ، سورێن، کەرەجاڵ وگەرمیان وشۆینی تر.

پاش پرۆسەکانی ئەنفالی بەدناو لە ناوچەی گەرمیان لە ساڵی 1988 داو، لە کۆبوونەوەیەکی کادیرە پێشکەوتووەکانی حزب لە قۆپی قەرەداغ باسی کشانەوەی حزبی شیوعی عێراق و هەمو هێزەکان سەر بە حزبەکانی تر کراو، حزبی شیوعی عێراق بریاریدا چەند مەفرەزەیەکی بچوك لە ناوچەکەدا بەجێ بهێڵێ بە نیازی ئەوەی لە جەماوەر نە پچرێت و،بۆ دروستکردنی پێگەی حزبی نۆی لە ناو شارو شاروچکەکان و ( موجەمەعە ) کان. کاتێ باس هاتە سەر مانەوەی ئەو جۆرە مەفرەزانەو ئەرکەکانیان وئەو گیروگرفتانەی بەرەو روویان دەبێتەوە هاوڕێ بایز وەك شێر لە گەل کۆمەلێك لە هاوڕێیانی ئازاو تێکۆشەر شێرانە هاتنە پێشەوەو بەڵێنیاندا بۆ پاراستن وداکۆکی کردن لە گەل ونشتمان و حزب لە ناوچەکە دەمێننەوە.

بەڵێ، ئەی شەهیدی سەروەر لە ناو جەرگەی ئێش و ئازارەکانی گەل ونشتمان و لە ناو خێزانێکی شیوعیدا چاوت بۆ دنیا هەڵێنا، باوکت شیوعی وهەروا دایکت شیوعی وهەر لە بەر ئەوەش بوو شانازیت پێیان دەکردو هەموو کات دەتوت : کامەرانە ئەو کەسەی لە ناو خێزانێکی شیوعیدا چاو بۆ ژیان بکاتەوە. بەڵێ ئەی شەهیدی مەزن هەر لە سەرەتاوە فێری ئەلف و بێی ژیان ، ئەلف و بێی نەتەوە، نیشتمان وحزب بوویت.

شێوازی بیرکردنەوە و کارکردن لای بایزی سەید باقی و تێروانینی بۆ رۆشنبیری و کەلەپوورو داب و نەریتی شۆرشگێرانە و خەملاندنیان رۆژ لەدوای رۆژ لە پەرەسەندن و پێشکەوتندا بوو، ئاوری لە کاروباری پێشووی حزب دەداو بە باشی و بە شێوەیەکی قووڵ لە رابوردوی حزب و ئەزموونەکانی دەکۆلییەوەو، زیرەکانە ئاوێتەی باروودۆخی نۆی دەکردو، هەمیشە هەوڵی دەدا سوود لە هەموو بوارێکدا وەربگرێت و،بە شێوەیەکی گونجاو ئەو باروودۆخە شی

بکاتەوەو، دەرئە نجامەکانی لە خزمەتی پەرەسەندنی کاروباری حزبدا بێت و، هەردەم لە پێناو ئاما نجە پیرۆزەکان و، بەرگری کردن لە بیروباوەری نیشتمانی و پێشکەوتنخوازی گەل و، لە پێناو ئازادی ورزگار بوون لە دۆزەخی دیکتاتورییەتی درندە ئامادە بێت بۆ خەبات و، ئامادە بێت بۆ خۆ بەخت کردن.

شەهید بایز چوست وچالاك و چاو نەترس بوو، دیسپلینی حزبایەتی زۆر بە تین و بتەو بوو، خاوەن هەڵوێست ، رۆڵێکی کارامەو دیاریکراوی لە گەل هاورێکانی لە ناو هێزەکانی پێشمەرگە هەبوو، کارکردن بە شێوەیەکی نە پساو، پاراستنی حزب و هاورێیان و کادیرەکانی لە دیکتاتورییەتی فاشی و، بەشدار بوونی لە دروستکردن و بتەوکردنی رێکخراوەکانی حزب و، رێنەمایی کردنی جەماوەرو، یارمەتیدانی و بەرز کردنەوەی ورەی لە تێکۆشاندا دژ بە دەسەڵاتی خوێرێژ.

بەڵێ ئەی شەهید : خەونی گەورەی ئێوە سەربەرزی و سەرفرازی گەل و سەربەخۆیی نشتمان بوو، هەمیشە ئێوەی چەڵەنگ و ئازا لە ریزی پێشەوە بوون بۆ خۆ بەخت کردن لە پێناو بیروباوەری پاك و خاوێن و بێگەردتان، لە پێناو بەرزیی و خۆشەویستی مرۆڤــ وخواست و ئارەزووەکانی رۆڵەکانی نشتمان. ئەمرۆ شیوعیییەکان و سەرجەم دۆستانیان شانازی بە تێکۆشانی بێ وچانتان لە پێناو نشتمانێکی ئازادو گەلێکی بەختیار دەکەن. شانازی بە ئێوەو هاورێیانی مەفرەزە شیوعییە شەهیدەکە دەکەن، شانازی بە هاورێیان : بایز سەید باقی، حوسێن رەحیم ( هەژار )، عەبدولرەحمان فەرەجە سوور ( لالە ) و عەتا حەمە سالەح ( دڵشاد ) دەکەن.

ئێوە لە ئاسمانی وارماوا و قەرەداغ و گەرمیان، لە ئاسمانی کوردستان چوار ئەستێرەی گەش بوون و، دەدرەوشانەوەو هەر دەدرەوشێنەوە، بەڵێ ئەی نەمران باڵای ئێوەی مەزن لە دار سەرو بەرزترە و، یادتان هەمیشە لە ناخی دڵەو لە ناو چاوانە، ئێوەو هەموو شەهیدانی حزب و بزوتنەوەی نشتمانی جێی شانازین و، خۆتان لە پێناو گەل و نشتماندا بەخت کرد.

لە نیسانی 1988 وپاش چەند رۆژێك لە جیابوونەوە مان تاقمێکی چە پەڵ وترسنۆك لە کاسەلیسەکانی رژێمی دیکتاتوری خوێرێژ لە ناکاو هێرش دەکەنە سەرتان و ئێوەی نەمر شەهید دەکەن و، پاشان داخ لە دڵان ئاگر بەر دەدەنە جەستەو تەرمە پیرۆزەکانتان و دەتانسووتێنن و، سەرشۆرانە دەگەرێنەوە بۆ مۆڵگاو تەویلەکانیان، بۆ لای رژێمە دێزەکەی سەددام و حزبی بەعسی و، خۆشبەختانە ئەمرۆ جەنەراڵی شەر کە بە چەکی کیمیاوی شارە خۆراگرەکەتی بۆمباران کردو ، پرۆسەی ئەنفالی دێزو چە پەڵی لە دژی گەل و نشتمانەکەت بەرپا کرد روورەش و سەرشۆرو کەساس و دیلە، بەڵێ ئەی سەروەری نەمر سەددامی خوێنرێژ ویستی کوردستان نەمێنێت، بەڵام کوردستان ماوەو وهەر دەمێنێت چونکە رۆڵە ئەمەکدارەکانی بە خوێن پاراستوویانە و هەردەم دەیپارێزن.

نەمری بۆ ئێوەی قارەمان و هەموو شەهیدانی رێگای سەرفرازی و سەربەستی.

مردن و سەر شۆری بۆ دوژمنان و چڵکاوخۆران.

2005/6/21